# له بێدەنگییت دەبم بە ئاو

(له من ڕا خۆ خەتایەک ڕووی نەداوە... ئەدی بێمەیلی بۆچ ڕووی دا لە تۆ ڕا؟!
_هێمن_)

چەند بوێربووی کە لە ماڵی شیعری مندا،
بە بەرائەتی منداڵێک گەمەت بە پەیڤەکانم کرد،
حەرفەکانت لە نیگاتا خەواندن و  لە دیواری دیڕێک شیعرا
تابلۆی میواندارییت کێشا.
چ دڵێکی پڕ لە میهر و چ دەستێکی پڕ نوورت هەن،
دڵێک بە میهرەبانیی گوڵێک و
دەستێک بە ڕووناکایی تریفە.
چ دڵێکە، لێوانلێو لەم ئەشقی پەیڤە؟
چ دەستێکە تەڕیی ئاونگی لێ دەتکێ؟.
چ مەیلێکە، لەم دوورەوە لە بەردی بێدەنگییت ترساو؟.
من گوێبیستی دەنگی بەرد بووم لە بێداریی شەوێکمدا،
من  شەوێکم بە چەخماخەی پێککەوتنی دوڕی وشە،
بە شوعلەی چراوگی شیعرێک، کردە ڕۆژێک بێکۆتایی!.
تۆ بە دەمبەستنی (مەیل)ێک،
بە کوشتنی دەنگی بادانی کلیلێک،
حوکمی مەرگی خۆرێکت دا!.

پشکۆنەجمەدین
2006/1/30

Pishko2000@hotmail.com